# پێشبرکێی کوردستان نێت بۆ کورتەچیرۆک  لە 7-11 تاکو 11-11-2005

## دوو شەوی خەبات

جەمال فەتاح



پایزبوو ئێوارەیەیکی باران وتەمەلول کۆمەڵێک پێشمەرگە بڕیاریاندا مەفرەزەیەک بکەن بۆناو یەکێک لەشارەکانی کوردستان بۆدووکاری پێشمەر گانە یەکەم بۆبەسەرکردنەوەوڕینموویی کردنی ڕێکخستنەکان دووەم ئەگەر کرا دەستێک لەدووژمن بوەشێنین. مەفرەزەکە 5 پێشمەرگەبوون. کەلەچیا دابەزین باران بەتەواوی دەستی پێکرد هەتا گەشتنە پێدەشت دنیا بەتەواوی تاریک داهات دنیای زستان وشەوی بارانو تەمەلول زۆرتاریکو سامناکە دیارە لەدەورو بەری ڕێگای پێشمەرگەکاندا بەرەو شار کۆمەڵێک مۆڵگەی دوژمن هەیەو دەروبەری ئەومۆڵگانەش بەمین چێنراوە،تادەهاتن دنیا تاریکتر دەبوو باران بەخوڕتر دەباری دەشتەکە هەمووی ببوبەقوڕ کاتێک پێیان لەسەر زەوی دا دەنا هەتا پوزیان لوقوڕ دەچەقی وزۆرجار پێڵاوەلاستیکەکانیان لەچاڵی جێگا پێیاندا بەجێ دەما دەبووپێشمەرگە قۆڵی تەڕ بووی بۆهەڵبکاتو دەست لەناو چاڵەکە بکات بۆدەر هێنانەوەی پێڵاوە لاستیکە بەجێماوەکەی. پاش باران تەمەکەش بەتەواوی زیادی کردو بەتەواوی جیهانی تاریکی کرد چاوچاوی نەئەدی ڕێگاکەش زۆرباریک بوو بۆیە پێشمەرگەکان ڕیگایان هەڵەکردو باریکەڕیکەیان ونکرد پاشان نازانن بەرەوکوێهەنگاو ئەنێن تاریکی شەوو ونکردنی ڕێگاو پڕ دوژمن بوونی ڕێگاکە ومینی دەوری مۆڵگاکان ئەوەندەی تر شەوەکەی سامناک کردبوو بۆیە ترسێکی زۆر کەوتە دڵی پێشمەرگەکانەوە نەڕیگا یان ئەزانی بۆدواوە بڕۆن نەبۆ پێشەوە بەڵام ئەوەندەیان ئەزانی کە لەناوەڕاستی مۆڵگەکانی دوژمندا ڕێگایان لێون بووە پرسێکیان لەناو خۆیان بەیەک کردو چیبکەین بڕیاریاندا بەلایەکدا بڕۆن کەبە بۆچونی خۆیان ڕووبەشارە،هەر 15خولەک بەولایەدا ڕیگایانبڕی لەپڕ تارماییەک دەرکەوت هیوا وتی بامن بچم بزانم ئەو تارمەچییە ئێوە دانیشن لێرە بەڵام نەیان زانی ئەوە مۆڵگەی دوژمنە لەگەل هیوا دورکەوتەوە لەهەڤاڵەکانی بەرەو تارمایی زرمەهات ومینی پێدا تەقی ویەکسەر هەمووسەربازەکانی دوژمن کەلەمۆڵگەکەدا بوون لولەی تفەنگەکانیان لەمەتەرێزی مۆڵگەکەوە دەرهێناو بەرەو ڕووی تەقینەوەی مینەکە ئاگری چەکەکانیان بەردایەوە،پاش تەقەیەکی زۆر ئیتر تەقەوەستا بەڵام لەبەر ئەوەی زۆرجار ئاژەڵە کێویەکان وەکوئاسک و گورگ وورچ وڕیوی وهتد. . ئەکەوتن بەسەر مینی مۆڵگەکانی دوژمندا یان ئەمردن یان لاقێکیان لەدەست ئەداو بەلاق قرتاوی هەڵ ئەهاتن بۆیە جگە لەو دەست ڕێژە زۆرە ئیتر سەربازەکانی مۆڵگەکە لەمۆڵگەکەیان نەئەهاتنەدەرەوە هەتا سبەینێ ڕۆژ ئەبووەوە. پاش ڕاگرتنی دەست ڕێژی مۆڵگەکە پێشمەرگەکان بەرەو ڕووی هیوا چوون کەبینیان بەداخەوە هیوا سەرەتا قاچێکی قرتابوو بەڵام لەکاتی دەست ڕێژی مۆڵگەکەی دوژمن دووگولەیتری بەر کەوتبوو لەویا شەهید ببوو هاوڕیکانی هیوا بەدڵێکی پڕ لەحەزین وگریانەوە تەرمەکەی هیوایان هەڵگرت وبەرەو دوا بەپێچە وانەی مۆڵگەکە هێنایان نزیکی یەک

کاتژمێر بەڕێ بوون بەخۆیان وتەرمەکەی هیواوە ئیتر دنیا خەریک بوو رووناکی ئەکرد ئەوجا زانیان جێگاکەیان لەدوژمنەوە زۆر نزیک نیە بۆیە شیوێکی قوڵ لەنزیکیان بوو چوونە نە شیوە قوڵەکەو جەنازەکەی هیوایان داناو زۆرماندوو بێنازو شێواو بوون خەمی مەرگی هیواش ئەوەندەی تر کاری لەناخی هەر چوار هاوڕێکەی کرد بوو. بارانەکە خۆشی کردبوو نەختێک هەتاو دەر کەوت هەندێک نانی وشک وئاویان پێبوو لەمەتارەکانی قەدیاندا شوێنەکەیان پەنا بوو هەر چەند لەدوژمنیش دور نەبوو بەڵام بەهۆی قوڵی شیوەکە لەدوژمن دیار نەبوون ئیتر شوێنەکە بێشک بوو بۆیە لەبەر هەتاوەکە هەندێک جلەکانیان وشک بووە وە وتا بەری ئێوارە نەیان وێرا ئاگر بکەنەوە چونکە ترسی ئەوەیان هەبوو دوژمن کۆپتەر یان بۆهەڵسێنێت بەڵام کەئێوارە نزیک بووەوە ئاگرێکیان کردەوەو هەر چواریان لەبەری دانیشتبوون جەنازەکەی هیواش لەپەنایانەوە بوو دارکی تەربیان لەبنی ڕاخستبوو لەسەری دایان نابوو پێشمەرگەیەکیان وتی جەنازەکەی کاک هیوا چیلێبکەین فەرماندەی مەفرەزەکە وتی هەتا تۆڵەی نەکەینەوە نایننێژین پێویستە هەر ئەم شەو بچینەوە سەر ئەو مۆڵگایەو تۆڵەی بکەینەوە بڕیاریاندا هەر ئەو شەوە تۆڵەی بکەنەوە. هێشتا بەتەواوی جیهان تاریک نەببوو لەشیوەکە هاتنە دەرەوە بەتەواوی ڕێگاکەیان دیاری کرد کەلەکوێوە هێرش بکەنە سەر مۆڵگەکەو چۆن لەمینەکان تێپەڕن پاشان بەڕێکوتن بەرەومۆڵگەکە ئەوشەوە باران نە بوو بەپێچەوانەی دوێنێ شەوبۆیە پێشمەرگەکان بەتەواوی بەرچاوی خۆیان وڕێگاکەی خۆیان ئەدی. هاتن هەتا گەشتنە سەر مینی مۆڵگاکە فەرماندەی مەفرەزەکەیان بەقەمەکەی سمکۆهەمە تەلی مینەکانی بڕی وڕێگایەکی باریکی پاک کردەوەو بەقوچکەی بەردیش دەیاری کرد بۆئەوەی کاتی گەڕانەوەیان لێیان تێک نەچێت پاشان فەرمانی بەپێشمەرگەکان کرد وتی وەرن،هەرچواریان چوون هەتا چوونە بەردەم دەرگای ڕەبیەکە لەدەرگا پاسەوانێکی لێبوو وەستان هەتا چووە ژورەوە بۆ گۆڕینی پۆستەکەی پاشان هەر چواریان بەدوای پاسەوانەکەدا چوونە ژورەوە هەشت سەر بازو ئەفسەرێک لەژوورەوە بوون ئەفسەرەکە ویستی دەست بکاتەوە یەکێک لەپێشمەرگەکان یەکسەر کوشتی پاشان هەر هەشت سەر بازەکە دەستیان بەر زەوەکردو تەسلیم بوون بەپێشمەرگەکان هەمو تفەنگەکانیان وبێتەلیکەیان هێنان ولەگەل دیلەکان گەڕانەوە هاتنەوە لای جەنازەکەی هیواو بەشانی سەربازەکان هەڵیان گرتو هەتا هاتنەوە لەگۆڕستانی گوندە وێرانبووەکەی نزیک بارەگای پێشمەرگەکان ناشتیان وپاشان بەدیل ودەستکەوتەکانەوە گەڕانەوە بارەگا کانیان.

جمال فتاح
2005/10/29
لەندەن